

# منداڵیی هونەرمەند

ن: کاروان عبدوڵا سۆفی

زۆربەی هونەرمەندان بۆ پرۆژەی کارە هونەرییەکانیان ئەگەڕێنەوە بۆ منداڵی، بۆ ئەو کاتەی جەستەیەکی بچوك و عەقڵێکی سانامان هەیە، بەڵام دنیایەك جوانی و یاریو خەونی سپی لە هزرو خەیاڵماندایە، بۆئەو زەمەنەی کە لە کۆڵانەکانی شاردا سەرگەرمی چاوشارکێ و دەست بەدیوار و کۆلارە هەڵدان بووین.

منداڵی بەشێکی گەورە لە یادەوەری هونەرمەند داگیر ئەکات.. بەشێوەیەك کە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەفراندنی هونەری.

منداڵی ئەو زەمەنەیە کە هونەرمەند بەبێ ویستی خۆی ئاوێزانی بوەو ناتوانێت وەك بەشێکی گەورە لە یادەوەرییەکانی فەرامۆشی بکات و بەبێ ئەو ژیان بگوزەرێنێت.

کێ هەیە رقی لە منداڵی خۆی ببێتەوە؟ کێ هەیە کە باسی منداڵی دەکرێت ئاخێکی قوڵی بۆ هەڵنەکێشێت؟

هەمووومان خۆڵە پەتانێ و ماڵە باجێنەی منداڵی خۆمان لەیاد ناچێت و بیری لێدەکەینەوە، ئاواتە خوازین بۆ تەنها ساتێك بگەڕێینەوە بۆ شەوەکانی منداڵی و فیکەی هاورێکەمان بە ئاگامان بهێنێت کە وەك جفرەیەك لەنێوان خۆماندا دامان نابوو بۆئەوەی بچینە دەرەوە و دایك و باوکمان پێمان نەزانێت، هەموو شتەکانی منداڵیمان لەبەرە، لەبەرسیلە دزینەوە تاکو پەنچەرە شکاندن، ئەوەشمان لەیاد ماوە کە لە بزێوی خۆمانەوە تێهەڵدانمان ئەخوارد.

منداڵی پڕە لە بزێوی، پڕە لە جوڵە پڕە، لە سەماو عیشق و خۆشەویستی، یاخی بوونە لە کۆت و پێوەند، ئازادییەکە کە لە گەورەییدا زاتی ئەوە ناکەین و ناتوانین وەك منداڵیمان بژین.

لێرەدا ئەوەی کە مەبەستی منە، تەنها قسەکردن نییە لەسەر ئەو زەمەنە، بەڵکو ووروژاندنی چەندین پرسیارە لە لای هونەرمەندان، هونەرمەندان لەلای ئێمە تا هەنووکە خۆیان بەقەرزاربارى منداڵییان دەزانن، بەڵام بیریان لەوە نەکردۆتەوە ئەو قەرزەیان بدەنەوە و کارێکی شایستە بۆ منداڵان بکەن.

ئەوەی کە جێگەی پرسیارە زۆرینەی هونەرمەندان کاری منداڵان بەکاری هونەری نازانن و لایان وایە ئەمە تەنها لە کاتی هونەرمەند ئەبات و پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت بە پرۆژەیەکی هونەری منداڵانەوە، لە کاتێکدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا گرنگییەکی لە رادە بەدەر بە منداڵ دەدرێت و پێشانگا و فیستیڤاڵی تایبەتیان بەشێوەیەکی فراوان بۆ رێك دەخرێت.

لەوێ کاراترین دەزگا و رێکخراو ئەوانەن کە کار بۆ منداڵان ئەکەن، لێرەش منداڵان لەبۆنە سیاسییەکاندا دەخرێنە پشتی پیکابێکەوە و وێنەی سکرتێری حیزبێك یان رەنگی پەرۆی حیزبێك لە ناوچەوانیان دەدەین و بەشەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەیان گەرێنین.

کێ بەرپرسیارە لەمە؟ کوان ئەو هونەرمەندانەی کە منداڵییان لە زاکیرەیاندا وەك زێر دەنرخاند؟ کەچی لەسەر ئەم دیاردەیە دەنگیان هەڵنەبری، دوو دێریان نەنووسی... بەڵکو بە بێدەنگی لەشەقامی سەهۆڵەکە تەماشایان دەکردن.

با وازلەمە بهێنین و بۆ ئەمە هونەرمەند خەتا بار نەکەین، بەڵام ئەی هونەرمەندی شێوەکار.. ئەی ئەو مرۆڤەی لەناو رەنگەکاندا چاوت لێك دەنێیت و هەمیشە فڵچەکەت ئاوێزانی رەنگێك دەکەیت... ئەو کاتەی رەنگەکان لە نێوان حیزبەکاند دابەش کران و ئیتر رەنگێك نەمایەوە منداڵان" تەنانەت تۆش" سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، تۆ لەکوێ بوویت؟! تۆچیت وت؟! تۆ چیت کرد؟!

نوکتەیەکی تر ئەوەیە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بیر لەوە کراوەتەوە وانەی هونەری بخوێندرێت، بەڵام لەوانە شاگیرەکاندا .. یان تەنها وەك وانەیەکی گشتی تەماشای دەکرێت و بەشەکانی هونەری تێدا جودا نەکراوەتەوە و لە تاقیکردنەوەکاندا هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت.

چالاکی قوتابخانەکانیش خوا هەڵناگرێت جارناجارێك وەك قۆنتەرات کۆمەڵێك چالاکی هونەری منداڵان نمایش دەکات، بەڵام زۆر بەپەلە دەستپێدەکەن و زۆر بە پەلەش تەواو دەبن، هۆکارەکەشی ئاشکرا نییە.

لێرەدا هەوڵ دەدەم باسەکە چرتر بکەمەوە بۆ هەر لایەنێك لەهونەری شانۆو شێوەکاری و مۆزیك و گۆرانی، بەکورتی و چڕی لەسەریان بوەستم و ئەو کەم و کورییانەی لەم بوارانەدا دەرهەق بە منداڵان کراوە بەپێی توانا ئاشکرایان بکەم..

## شانۆ

شانۆ، ئەو هونەرەیە کە منداڵان رۆژانە بۆخۆیان مومارەسەی دەکەن و لەگەڵی دەژین، منداڵان لێرە مەحرومن لە چالاکی شانۆیی و بەپێی پێویست لەم بوارەدا کاریان بۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر نزیکە لە یارییەکانی رۆژانەیان، منداڵ لە بێئاگاییدا رۆژانە لەگەڵ بووکە شووشەکانیاندا ماڵە باجێنە دەکەن، کە لە راستیدا ئەم جۆرە یارییە زۆر نزیکە لەشێوازی شانۆییەوە.

لە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتوەکاندا شانۆ بەشێکە لە چالاکییە پێویستە پەروەردەییەکانی منداڵ. ئەوان لە رێگەی شانۆوە منداڵ ئاراستەی تواناو بەهرەکانی تر دەکەن، جگە لەوەش وەك قوتابخانەیەکی پەروەردەیی تەماشای دەکەن، کەچی لە لای ئێمە ساڵانە کارێکی شانۆییان بۆ ناکرێت.



ئەوەی کە جێگەی قسەیە لێرە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بیرلەوە نەکراوەتەوە بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە شانۆی منداڵان هەبێت، لە کاتێکدا لە حکومەتی مەرکەزی و لە بەغداد بەرێوەبەرایەتی ناو براو هەیە بەناوی " مسرح الاطفال" وەساڵانە فیستیڤاڵی تایبەت بەکاری شانۆیی منداڵان سازدەکرێت.

راستە رێکخراوەو دەزگامان هەیە کە گرنگی بەمنداڵان دەدات وەك منداڵپارێزی کوردستان، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵان و چەند شوێنێکیتر.. بەڵام ئەگەر لەکار و چالاکییەکانیان بروانین، نەیانتوانیوە لە ئاستی داخوازی و بەهرەی منداڵاندابن و تا ئێستا لە کوردستاندا نەتوانراوە فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان رێکبخرێت، گرفتی گەورەتر ئەوەیە کە دەقی شانۆیی منداڵان نابینرێت چاپ و بڵاو بکرێتەوە، نازانم هۆکارەکەی ئەوەیە نووسەری دەقی شانۆی منداڵانمان نییە یان بە پێچەوانەوەیە و ئەو دەزگایانەی کەکاریان بڵاوکردنەوەیە، ئەم جۆرە بەرهەمانە لەچاپ نادەن.

## شێوەکاری

ئەگەر بە رووکەشی و سەرپێییەوە تەماشای چالاکییەکانی ئەم بوارە بکەین، ئەوا دەستبەجێ هەست بەوە دەکەین کە ئەوەی دەکرێت تەنها هەوڵی منداڵان خۆیانە و بەشێوەیەکی گشتی لە بواری شێوەکاریدا منداڵان پۆلێنکاری و زانستی هونەری شێوەکارییان بۆ روون نەکراوەتەوە.

بۆ پشتراست کردنەوەی ئەمەش ئەوە بەسە کە لە پێشانگای منداڵاندا تەنها کاری تابلۆ ئەبینرێت و کاری نەحت و سرامیك و بەشەکانی تری تێدا نابینین.

لایەنێکیتر تا ئێستا نەمانبینیوە تابلۆی منداڵان لە چوارچێوە بگیرێت و وەك تابلۆی هونەرمەندە گەورەکان گرنگی پێبدرێت و پێشانگای تایبەتی خۆیان بۆ سازبکرێت.

سەرسامیەکە لێرەدایە کە ساڵانە دەورەی تایبەت بەشێوەکاری و بەشەکانی تر لە کوردستان دەکرێتەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەو دەورانە منداڵان فێری لایەنی ئەکادیمی شێوەکاری و فێربوون و ناسینی بەشەکانی بەجیا ناکرێت و تەنها وەرەقەی سپییان پێ پڕ دەکرێتەوە، ئەی کەوا بێت چی سودێکی هەیە؟! منداڵان هاتوون فێر ببن. خۆ ئەگەر بۆخۆیان وێنەبکێشن لەماڵەوەش دەتوانن ئەو کارە بکەن و پێویست ناکات تەحەمولی ئەو گەرمازۆرەو ماندوویتی ئەو رێگا دوورە بکەن، ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو دەورانە هیچ وەسائیلێکی فێنککەرەوە و شوێنی گونجاویان بۆ دابین نەکراوە، کە ئەمەش زۆر جار دەبێتە گرفتی گەورە لەبەردەم منداڵان و مامۆستایاندا...

## موزیك و گۆرانی

لە بواری موزیك و گۆرانیدا ناتوانین بڵێین منداڵان وەك بەشەکانی تر هیچیان بۆ نەکراوە، بەڵکو هەنگاوی زۆر باش نراوە و زۆرینەشیان جێگەی دڵخۆشی منداڵان و وئێمەشن، بەڵام هێشتا سەرەتامانەو هیوادارم ئەو هونەرمەندە بەرێزانە لە کارەکەیان بەردەوام بن و لێبراوانە کاری بۆ بکەن، ئەوەی لەم بوارەدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان گۆرانیبێژە گەورەکان و منداڵاندا هەیە...

ئێمە هیچ یەکێك لەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە بەرێزانەمان نەبینی تەنها ماددەیەك بەدەنگی خۆیان بۆ منداڵان تۆمار بکەن، لە کاتێکدا زۆرینەی گۆرانیبێژە ناودارەکانی جیهان بە شانازییەوە کاریان بۆ منداڵان کردوە و لە ریزی گۆرانییەکانی تردا دایان ئەنێن، بە نموونە کازم ساهر، کە لەم ساڵانەی دواییدا لەهەر سیدییەکیدا دوو ماددە یان ماددەیەکی بۆ منداڵان تۆمار کردوە و بەگرنگییەکی زۆرەوە کلیپی بۆ ئەو ماددانەی کردوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی لەو هونەرمەندە گۆرانیبێژانەی کوردستان بپرسین: ئاخۆ ئەوان لەو هونەرمەندانە مەزنترن و بێزیان نایەت کار بۆ منداڵان بکەن؟

یان بۆچوونەکەیان بە پێچەوانەوەیە و نەیانتوانیوە لە ئاستی منداڵاندا بن و توانای ئەو جۆرە کارانەیان نییە.

خۆئەگەر بیرو بۆچونیان ئەوە بێت کە ئەوە ئیشی ئەوان نییە، کێشەکە لێرەوە دروست دەبێت، کاتێك دەمی هەر یەکێك لەو هونەرمەندانە دەکەیتەوەو چاوپێکەوتنەکانیان لە رۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆکاندا دەخوێنیتەوە، بەر لە هەر شتێك باس لە منداڵییان دەکەن! ئەی ئەگەر منداڵی لە لایان ئەو نرخ و بەهایەی هەیە، ئەی بۆ بە فعلی کاری بۆ ناکەن؟!

لە کۆتاییدا دەخوازم منداڵان لە بواری هونەریدا وەك بونەوەرێکی هەستیار و خاوەن توانا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و نرخ بۆ توانست و بەهرەیان دابنرێت، بەشێوەیەك کە منداڵانی ئێمەش بتوانن شان بەشانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا تەندروست و خاوەنی ماهیەتی خۆیان بن....

تێبینی:

کێشەکان زۆر لەوە زیاتر بوون کە ئاماژەیان پێدرا، بەڵام لەبەر ئەوەی من نەمویستوە وەك توێژینەوەیەك لەسەریان بوەستم، وام بەباش زانی بەکورتی چەند پرسیارێك لەلای هونەرمەندان بوروژێنم

هیوادارم ئەم نوسینە دڵی هیچ هونەرمەندێك نەرەنجێنێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرۆشەوە کاریان بۆ منداڵان کردوە، چونکە ئەوان لەدەرەوەی ئەم بابەتانەن و جێگای دەستخۆشی و رێزی ئێمەن .